# لەماڵی کوردان چ باسە ؟

کەمال ڕەئوف

بەپێی دوایین دەنگوباس کەسەرچاوەکەی تەنها مقۆ مقۆی ناوخەڵکە، دەڵێن، پارتیو یەکێتی، دوای ئەوەی کێشەی گومرگیان لەنێواندا نەماو هێزەکانی ئەمریکا زۆربەی سەیتەرەکانی نێوانیانی پێ هەڵگرتن، وابەنیازن ئیدارەکانیان لەسەر شێوازی فیدراڵی حیزبی ڕێکبخەنەوە، هەروەها هەمان سەرچاوە ئاماژەی بۆئەوەش کردووە، کەئێستا هەردووحیزب، جگەلەوەی کەنەسریەو مانگانەی زۆرێك لەڕێکخراوە ڕۆشنبیرییە حیزبی ودامەزراوەکانی تری خۆیان بڕیوە، لەهەمانکاتیشدا چەند مانگێکیش یارمەتی حیزبە بچووکە هاوپەیمانەکانیان لەگەڵ مووچەی پێشمەرگەکانی خۆیاندا قرت کردووە، هەروەها دەنگوباسی ئەوەش هەیە کە دوای ئەوەی هێزەکانی ئەمەریکا مۆڵەتی حەفتاو دوو سەعاتیان دا بەپارتی و یەکێتی دا تاکوحسابی خۆیان لەگەڵ تاوانبارانی رژێمی کۆندا یەکلایی بکەنەوەو ئەوانیش لەتۆڵەی ئەنفالدا، ئەنفالی سەیارە مۆدێل بەرزەکانی بەغدادیان کردو داڵدەی کۆنە بەعسیەکانیاندا، لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە داوایان لێکراوە لە پایتەخت و ئەو ناوچانەدا کەلەژێرچاودێری ئەواندان بنکە وبارەگا بەمۆڵەت بکەنەوەو لەکوردستانیشدا چەکە قورسەکانیان تەسلیم بکەن وهێزی چەکداریان کەم بکەنەوەو ژمارەی هێزەکانی پاسەوانیی هەردووسەرکردەش لەلایەن ئەوانەوە دەسنیشان بکرێت، بەپێچەوانەوەی ئەوەوە سەرپێچیکاران خۆیان بەرپرس دەبن و توشی چەککردن و لێپرسینەوە دەبن، ئەمە جگەلەوەی کەلەزۆربەی شوێنەکان دەبێت بنکەو بارەگاکانیان بەخواست و مۆڵەتی ئەوان بکەنەوەو لە دائیرەو شوێنە گشتیەکانیشدا وێنەی سەرکردەکانیان هەڵنەواسن و وازلەو تەقلیدە بهێنن . هەمووئەوانە بەپێی بەرنامەیەك دەچێتە پێشەوە کەدەسەڵاتی حیزبی لەنێو کۆمەڵدا کەم بکرێتەوە و زۆربەی ئەو شوێنەگشتیانەی کەچەند ساڵە لەلایەن حیزبەوە داگیرکراوە چۆل بکرێن . لەمیانەی ئەو ئاڵوگۆڕانەدا کەوادەردەکەوێت دەستی حیزب کورت بکرێتەوە، چەند حیزبێکی کوردی لەم ماوەیەی دوایدا بەنیازی ڕەخنەکردنی هەڵسوکەوتی هێزەکانی ئەمەریکا کۆببونەوە، دوایی ئەوەی نەگەیشتنە ئاکام، بەرپرسی یەکێك لەحیزبەکان ووتبوی خەڵك ئاربیجی بەئەوانەوە دەنێت و ئێمەش ناوێرین ڕەخنەیان لێبگرین، ئەو ڕەخنەیە، قسەی وەزیرێکی بەرێزم بیردەخاتەوە، کەلەکاتی مۆڵەتدانی رۆژنامەی هاوڵاتیدا، بەمن و کاك ئاسۆسی ووت :مەرجی مۆڵەتدانی ئێمە ئەوەیە کەسبەینێ ڕۆژنامەکەتان قسە بەسەدام حسێن و ئەتاتورك و خومەینی نەڵێت و کێشەمان بۆدروست نەکەن، ئەمرۆش ئەم بچووك بونەوەو بەپەراوێزکردنەی حیزب هێندە ئاشکرابووە، هەربۆیە ئێستا گەر خەڵك داواو سکالاْیەکیان هەبێت تا دەستیان بەهێزەکانی ئەمریکا ڕابگات، داوا لەحیزبە کوردیەکان ناکەن . ماوەتەوە بڵێین، جاخوابکات ئەوانەی بیستراوە یان وانەبێت، یان گەر وایە، ئەوا بەشکو سوودێکی بۆخەڵکی هەژارو مەسەلەی کورد تیابێت . چونکە لەوڕۆژەوە کەخەڵکی کورد فێری کاری سیاسی و حیزبایەتی بووە، هەمیشە دیدو بۆچون و کارەکانی حیزب و سەرکردەکان ئەومەتەڵەبون کەتەنها جەماوەر بەدوای وەڵاْم و ئاکامەکەیدا رایان کردووە و پەیان پێنەبردوە، بابەت ونوسراو ڕاگەیەنراوەکانیشیان تەنها ئەو ئوپانتاییە بوونکە هەوڵی داوە تەنها ئەودەنگوباسانە بشارێتەوە، کەجەماوەر دەبێت و دەیەوێت بیزانێت و پابەندن بەچارەنوسی ئەوانەوە . لەئاواحاڵێکدا کەکەسێ یان ڕۆژنامە نوسێکی سەربەخۆ بابەت یان هەواڵێك لەسەر حیزبی کوردی بلاْو دەکاتەوە، ئەبێت تاچەند ڕۆژ دەست بەسەردڵیەوە بگرێت تاکەس داوای سەرچاوەکەی لێنەکات، چونکە لەکوردستان ئەوشتەی پێی دەڵین بانکی مەعلومات، یان سەرچاوەی هەواڵ، تەنها ئەو کەسانەن کە دەبێت لەشوێنی ڕووداوەکەدابن یان ئەوکەسە نزیکانەی سەربەحیزب و سەرکردەکانن کەئەوانیش لەترسی نانبڕین و شتی تر نایانەوێت ناویان بهێنرێت، هەر ئەو هەلومەرجەش وایکردوە کە زۆر جار جەماوەر، وەك دەسگرەوە بەوە خۆی خەڵەتانوە کەبینیویەتی یابیستویەتی سەرکردەکان تاچەندە دڵیان خۆش بووە و زەردەخەنە یان لەسەر لێو بوە و ئەوانیش گرەوی چارەنوسی خۆیان لەسەر ئەو زەردەخەنەیەوە کردوە . ئەمڕۆش کەحیزب لەهەموو هەلومەرجێکی ڕاگەیاند بەهرەمەندە و نوتقی نایەت، بەرپرسی یەکەم لەبلاْو بوونەوەی هەواڵ و زانیاری نادروست، پێش ئەوەی رووی خاوەنەکەی بگرێتەوە رووی ئەوسروشتە دە گرێتەوە کەحیزبی کوردی بۆخۆی دروستیکردوە و هەوڵ دەدات تاساڵی قال و بەلا ڕاستیەکانی پێپەردەپۆش دەکات، ئێمەش لێرەوە ناهەقمان نیە بەسەرکردەکان بڵێن توخوا زەردەخەنەی گاڵتە جا ری و ئومێد

بەخشینەوەی بێ بناغە کۆتایی پێبێنن و ئیتر کاتی ئەوەهاتوە ڕاستیەکان بدرکێنن تاکوجەماوەر لەوەزیاتر تووشی ماخۆلان نەبێت و ئێمەش هەواڵ و ڕووداوەکان لەمقۆمقۆی خەڵکەوە نەگێرینەوە .

جاران حیزبە کوردیەکان هێندەی مراعات و پشی پشیان بۆ وولأتە دراوسێکان و هێزە هەرێمایەتیەکان دەکرد بەسەدامیشەوە، نیوەی ئەوە بروایان بەپێکەوە ژیان و چاکردنی ماڵی خۆیان نەبوو، ئاخر ئەو کاتە ئەوان بڕوایان بەوەهەبوو کەلە شەڕی ناوخۆدا، هەرئەوان بتوانن تای تەرازوی هێزی براوە سەنگین بکات و هەرئەوانیش دەتوانن دواترداواکاری حیزبی و مافەکانیان بۆبەدەست بهێنن،

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.